ئافات و تاوانەکانی زمان [النميمة]

قسه هێنان و بردن

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت:

(لَا يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حَتَّى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ وَلَا يَسْتَقِيمُ قَلْبُهُ حَتَّى يَسْتَقِيمَ لِسَانُهُ). رواه أحمد وصححه الألباني سلسلة صحيحة ٢٨٤١.

واتە: (ئیمانی مرۆڤ دانامەزرێت تاوەکو لە دڵی دانەمەزرێت، وەدڵیشی دانامەزرێت تاوەکو زمانی پارێزراو نەبێت).



دێرین

٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠

ئامادەکردنی
جميل محمد

پێداچونەوەی
م.هەڵگورد مصطفى گەلاڵەیی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد ﷺ وآله وصحبه أجمعين

موسڵمانی خۆشەویست یەکێکی تر لە ئافاتەکانی زمان بریتییە لە (النميمه)

زانایان دەفەرموون نمیمە: بریتییە لە قسە هێنان و بردن لەناو خەڵکی بە مەبەستی خراپە. بۆیە ئەم کارە حەرامە و بەڵکو خاوەنەکەشی هەڕەشەیەکی زۆری لێکراوە لەڕوانگەی شەرعەوە بە بەڵگەی چەندان ئایەت و فەرموودەی صەحیح لەوانەش:

١- خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ ﴾ القلم: ١٠ – ١١ **واتە: (گوێڕایەڵی ئەو کەسە مەکە کە سوێندی زۆری بەدرۆ دەخوات چونکە کەسێکی نەفس نزم و کەمە، ئەوەی کەوا دەچێت قسە لەبەینی خەڵکی دێنێ و ئەبات).** التفسير الميسر صفحة ٢٢١.

٢- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ﴿أَلَا أُنَبِّئُكُمْ مَا الْعَضْهُ هِيَ النَّمِيمَةُ الْقَالَةُ بَيْنَ النَّاسِ﴾. صحيح مسلم ٦٨٠٢. **واتە: (پێتان نەڵێم (الْعَضْهُ) چیە؟ بریتییە لە قسە هێنان و بردن بەدرۆو بوهتان لە نێوان خەڵکی. زانایان دەفەرموون (الْعَضْهُ) واتە درۆ و بوهتان. کەواتە کەسی قسە هێنەر کەسێکی درۆزن و بوهتان کەرە.**

٣- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ﴿لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّامٌ﴾ صحيح مسلم ٣٠٣.

واتە: (نا چێتە بەهەشت ئەو کەسەی نەمیمەو قسە هێنان و بردن دەکات).

ئیمامی حافظ ابن حجر لەشەرحی ئەم فەرموودەیە دەفەرمووێت: مەبەست لە نەچونە بەهەشت واتە: لەو کەسانە نابێت کە سەرەتا دەچنە بەهەشت بەڵکو بەقەدەر تاوانەکەی عەزاب ئەدرێت. فتح الباري" (١٠/ ٤٧٣).

٤- عبداللە ی کوڕی عەباس رضي الله عنهما دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای دوو قەبر تێپەر بوو فەرمووی: ﴿ أَمَا إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ وَأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ لاَ يَسْتَتِرُ مِنْ بَوْلِهِ ﴾ صحيح البخاري ٥٧٠٨ وصحيح مسلم ٧٠٣. **واتە:**

(ئەم دوو کەسە لەناو قەبریان عەزاب ئەدرێن، وە لەسەر شتێکی گەورەش عەزاب نادرێن (

مەبەست ئەوویە ئەیان توانی بە ئاسانی خۆیان لێی بپارێزن) یەكێكیان قسەی دێناو دەی برد ئەوەی تریشیان خۆی پاك نا كردەوە لە میزكردن) .

٥- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: ﴿وَتَجِدُونَ شَرَّ النَّاسِ ذَا الْوَجْهَيْنِ الَّذِي يَأْتِي هَؤُلَاءِ بِوَجْهٍ وَيَأْتِي هَؤُلَاءِ بِوَجْهٍ﴾. صحيح البخاري ٣٤٩٤ وصحيح مسلم ٦٦١٥.

واتە: (دەبینن خەراپ ترینی خەڵكی ئەوانەن ئەوەی دوو روویان هەیە، دێتە لای ئەو بە شێوازێك و دێتە لای ئەوی تر بە شێوازێكی تر).

٦- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: ﴿من كان ذا لسانين جعل الله له يوم القيامة لسانين من نار﴾. السلسلة الصحيحة" ٢ / ٥٨٤.

واتە: (هەر كەسێك دوو زمانی بكات ئەوا خوای گەورە لە رۆژی دواییدا دوو زمانی ئاگری بۆ درووست دەكات). پەنا بەخوا لەم سزایە بە ئێش و ئازارە بۆ كەسی نەمام.

٧- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: ﴿إن شرار عباد الله من هذه الأمة المشاؤون بالنميمة المفرقون بين الأحبة﴾. صححه الألباني في " السلسلة الصحيحة ٦ / ٨٣٥ .

واتە: (خەراپترینی بەندە كانی خوای گەورە لەم ئوممەتەدا ئەوانەن هەڵدەستن بەقسە هێنان و بردن، وە تەفرەقەو ناكۆكی دەخەنە ناو خۆشەویستان).

٨- ئیمامی حەسەنی بەصری دەفەرموویێت: ﴿مَن نقل إليك حديثًا، فاعلم أنه ينقل إلى غيرك حديثك﴾. (تنبيه الغافلين: ص١٣٠).

واتە: (هەر كەسێك قسەیەكی بۆت نەقل كرد و گێڕایەوە ئەوە بزانە قسەی تۆش بۆ خەڵكی نەقل دەكات و دەی گێڕێتەوە).

زیانەکانی (نەمیمە) قسە هێنان و بردن

موسڵمانی خۆشەویست دوای ئەم فەرموودانە بۆمان دەردەکەوێت کەوا کەسی نەمام :

١- خوای گەورە سەر زەنشتی ئەو کەسانە دەکات کەوا قسە دێنن و دە بەن بە خرا پە.

٢- کەسی نەمام پێغەمبەری خوا ﷺ بە کەسێکی درۆزن و بوهتان چی وەصفی دەکات.

٣- کەسی نەمام لەو کەسانە نیە کە سەرەتا دەچێتە بەهەشت بەڵکو عەزاب ئەدرێت.

٤- کەسی نەمام و قسە گێڕەوە لە ناو گۆڕەکەیدا عەزاب ئەدرێت.

٥- کەسی نەمام خەرا پترینی خەڵکیە چونکە کەسێکی دوو زمانە و دوو ڕووە.

٦- کەسی نەمام لە هەر هەموو خەڵکی خەراپ ترە چونکە دەبێتە هۆی ناکۆکی و دوو بەرەکی لەنێوان خەڵکیدا، وە ئەمەش بە واقعی بیندراوە، بۆیە چەند کەس هەیە بەهۆی قسە هێنان و بردن کوژراوە، چەند ژەن و مێرد هەن بەهۆی ئەوەی قسە هێنان و بردن پەیوەندیان تێکچوە، چەند ئافرەت هەن بەهۆی ئەم کارە تەڵاق دراون.

٧- نەمیمە کردن دەبێتە هۆی تێك چوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

٨- کەسی نەمام خێرو چاکەکانی بەسەر خەڵکی دابەش دەکات.

٩- کەسی نەمام کەسێکی فیتنە چی و ئاژاوە گێڕە.

١٠- کەسی نەمام کەسێکی بێ متمانەو بێ ڕێزە لە شەرع و لەناو خەڵکیشدا.

لە کۆتایدا ئەوەی باسمان کرد کەمێك بوو لە تاوان و زیانەکانی نەمیمە کردن و قسە هێنان و بردن بۆیە ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم کارە قێزەونە بوونە بە خۆیان دابچنەوەو تەوبە بکەن و دەست هەڵگرن لەم جۆرە کارە و بگەڕێنەوە لای خوای گەورە ئەگەر نا خوای گەورە سزاکەی زۆر بە توند و بە ئازارە بۆ ئەم جۆرە کەسانە هیوا دارم ئەم چەند دێڕە کورتە ببێتە مایەی سوودمەندی بۆ ئەو کەسەی دەی خوێنێتەوەو ببێتە تێشوێکیش بۆ قیامەتمان و خوای گەورە لێمانی قەبوڵ بکات أمین .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم. ٢٥/ رمضان ١٤٣٧ سۆران ٣٠/٦/٢٠١٦

لە بڵاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین – سۆران - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠